# دووباره ناشتنەوەیەك

شیعری بەكر ئەحمەد
23ی دیسەمبەری 2005

شەهیدەكان دەبێ سەر لەنوێ شەهیدكەینەوە,

تا گۆڕستان لەبری حاكم, لە هۆڵی دادگای ژیاندا لەسەرەوە دانەنیشێ

تا  نەبێتە تای تەرازووی كێشانەكەی عیزەتی نەفس,

تا گۆڕستان, لە گەڕەكەكانی شیعرا, هەمیشە خاوەنماڵ نەبێ

نەبێ بە سندوقی دەنگدان.

نەبێ بە مامۆستای وێنە

نەبێتە  هەواڵنێرێكی ڕادیۆ و تیڤێ.

شەهیدەكان دەبێ سەر لەنوێ شەهیدكەینەوە,

بۆ ئەوەی كەلار شەرم نەیگرێ

كاتێك دەڕژێتە شەقام و بۆ باڵای كورتی ڕووناكی كۆڵانەكان,

لەبەرانبەر عەمودێكی كارەبادا, دەنگهەڵدەبڕێ.

شەهیدەكان دەبێ سەر لەنوێ شەهید كەینەوە

بۆ ئەوەی ئەمڕۆ, لارەملی دوێنێ نەبێ وسبەینێش نەبێ بە زیندان

**شەهیدەکان دەبێ سەرلەنوێ شەهید کەینەوە**

**بۆ ئەوەی ژیان  هەموو سەر لە بەیانیەك,  هەستنەکات تاوانبارێکە**

**چونکە  فیشەك لە دوێنێیدا سینەی نەدڕی.**

**شەهیدەکان دەبێ سەر لەنوێ شەهید کەینەوە**

**بۆ ئەوەی شەیتانەکانی سەر ئەرز, نەك هی سەما,  دەست لە گەردنییان**

**هەڵبگرێ.**